کەسێک لە سلێمانی دەستگیرکرا کە بڕی 387 ملیۆن دیناری دزی بوو

کەسێک لە سلێمانی دەستگیرکرا کە بڕی 387 ملیۆن دیناری دزی بوو.

بەوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی ئەمە هەینی ڕایگەیاند، لەلایەن مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی زەڵایەنی سەر بە بەشی پۆلیسی شارەزوورەوە، تەمەتبارێک دەستگیرکرا کە بڕی 387 ملیۆن دیناری دزی بوو.

ڕوونکرایەوە، دوای ئەوەی هاوڵاتییەک سکاڵای تۆمارکرد کە بڕی 387 ملیۆن دیناری لە ماڵەکەیدا لە دزراوە، هێزەکانی پۆلیس لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەکانیان دەستپێکردو دوای وەرگرتنی بەیاری دادوەر، توانرا لەلایەن مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی زەڵایەنی سەر بە بەشی پۆلیسی شارەزوورەوە تەمەتبار بدەزرێتەوەو دەستگیربکرێت و دەستیشبگیرێت بەسەر ئەو پارەیەدا کە تەمەتبار دزیبووی.

پۆلیسی سلێمانی ئەوەشی خستەڕوو، تەمەتبار (م، ع، ف) لەدایکبووی 1979 دانی بەتاوانکەیدا ناوەو لەئێستادا بەبەیاری بەندز دادوەرو بەپێی ماددەی 443 لەیاسای سزادانی عیراقی ڕاگیراوەو لێکۆڵینەوەکان بەردەوامە.